# گەردوون

## ئەحمەددەشتی



ئەم ئاگرەبەتینەی وا
لە ناو دڵم گلپە دەکا
خۆشەویستم ئەشقی تۆیە
هەروەک تەنوور
گڕ دەخاتە ناو خوێنی سوور
زامەکانی خۆشەویستیت
لە دەروونم زێتر دەکا
هیوای بەرزی ڕزگاری تۆم
لە ئاسۆی ڕوون نەزیک دەکا
تۆ شیرینی دلی منی
نازەنینی هیوای منی
کوردستانی ئازیزی من
ئەتۆ خوێنی ڕەگی منی
هەروەک وەحی
هەروەک شەرم
وەکوو ووزەی گەرم و نەرم
گڕی ئەشقت پشکۆ دەدا
نا ئومێدی دەسوتێنێ
لە ئاسۆی روونی بەربەیان
موژدەی شادیم بۆ دەهێنێ
جوانی تۆیە وەک فریشتە
وەک نیلگوونی ئاسمانی دوور
وەک پەروازی بالندەکان
کە هەلدەفڕن بەبێ سنوور
لە دەروونم دەخولێتەوە
ژانەکانی لەمێژینەم

بۆ هەمیشە دەبڕێتەوە
وا لە ئاسۆی بەهەورو تەم
خەمەکانم کەم دەبتەوە
وەک نیازی پاکی دلدار
لە ناو هەستی دەرونی یار
تۆ دەمێنی لە ناو دلم
دەت پەرستم خاکی هەوار
کوردستانی ئارەزووی من
واری مەزن و دلگیری من
گەڕ تۆ نەبی منیش نابم
ئەتۆی ڕازی ژیانی منی
خۆشەویستی دڵی منی
خۆشم دەوێی هیوایەکەم
هەموو ژیانم فدات دەکەم
لە ڕێبازی ڕزگاری تۆ
سەرو مالم قوربان دەکەم
*
1975.2.20.بێخولان ئێزگەی دە نگی کوردستان